ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک کە لە شەودا هەڵدەستێت، ونوێژ دەکات وئافرەتەکەی بەخەبەر دەکاتەوە، ئەگەر ڕەتی کردەوە؛ ئەوا ئاو دەپرژێنێتە سەر دەموچاوی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک کە لە شەودا هەڵدەستێت، ونوێژ دەکات وئافرەتەکەی بەخەبەر دەکاتەوە، ئەگەر ڕەتی کردەوە؛ ئەوا ئاو دەپرژێنێتە سەر دەموچاوی، ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک کە لە شەودا هەڵدەستێت، ونوێژ دەکات وئافرەتەکەی بەخەبەر دەکاتەوە، ئەگەر ڕەتی کردەوە؛ ئەوا ئاو دەپرژێنێتە سەر دەموچاوی».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک لە شەودا هەستێت بۆ نوێژکردن وخێزانەکەی بەخەبەر بکاتەوە بۆئەوەی ئەویش نوێژ بکات، ئەگەر ڕەتی کردەوە هەستێت بەهۆی قورسی خەو وتەمەڵیەوە پێویستە کەمێک ئاو بپرژێنێت بەسەر دەموچاوی بۆئەوەی هەستێت؛ ئەوا شایستەیە بە ڕەحمەتی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- و بەهەمان شێوە ئەگەر ئافرەتیش هەستا پێویستە مێردەکەی بەخەبەر بکاتەوە بۆ شەو نوێژکردن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3717